ئاژانسی(موتەبەع) ناوەڕکی کۆبوونەوەکەی مەسعود بارزانی و ئەردۆگان بڵاودەکاتەوە

مەسعود بارزانی و سەرەکەماری تورکیا لە هەولێر کۆبوونەوە و جەختیان لە بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا کردەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە (22ـی نیسانی 2024) لە شاری هەولێر، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرەکەماری تورکیا کرد و لەگەڵیدا کۆبوویەوە.

بارەگای بارزانی بڵاویکردەوە: لە کۆبوونەوەکەدا سەردانەکەی سەرەکەماری تورکیا و شاندی یاوەری بە بەغدا و لەکتەگەیشتن و ڕەکەوتنەکانی نێوان عێراق و تورکیا بە گرنگ و مەژوویی و فاکتەری گەشەپەدان و ئارامی وەسفکرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیدا جەخت لە بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا کرایەوە، ئەویش لەپێناو پتەوتربوونی سەقامگیریی هەرێمایەتی و هاوکاری و

هەماهەنگیی هاوبەش لە بوارە جەراوجەرەکان و قووەتترکردنی بنەماکانی دراوستی و بڕودانی پەیوەندییە ئابوورییەکان.